# خێڵ ونیشتمان کەی یەکن حاکم گیان؟!

**نورەدین وەیسی**

***بۆهەڵبەستڤانی هێژا قوبادی جەلی زادە***



دڵنیابە پەردەی دووڕوویی ودرۆزنیم لەخۆم داماڵیوەو هەموو ئەو ماسکانەی کەمنیش وەك تۆ رقم لێیانە تووڕم  هەڵداون وراستگۆییانە ئەم نامەیە ئاوەڵایەت ئاراستە دەکەم!

راشکاوانەو بێ هیچ فشاروپاڵەپەستۆیەك لەبەردەم تۆی دادوەردا دان بەوەدا دەنێم کەئەزیش وەك تۆ لەیەکەم کەمینی ژندا بەبێ تەقە خۆم بەدەستەوەداوهەردوو دەستم بەرزکردنەوەو ئاڵای سپیم هەڵکرد، منیش وەك تۆ لەبەردەم سینگی رووت ومەمکی رووت وڕان وپووزی رووتدا ئەژنووم دێتە لەرزین وبگرەلیکیشم لە زاری دێتە خوارێ!، خاترجەم وبێخەم بە لە عەشق وخۆشویستنی ژندا هاوبۆچوونین، وەلێ لای من ژن ونیشتمان،ژن وکوردستان هێندە لەیەك دەچن خەریکە بڵێم یەك شتن، ئاخر وەك یەك داگیرکراوو وەکو یەکیش ماف

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

زەوتكراون، وەك يەك دەكرێنە كاڵاو لە هەڕاجخانەدوورو نزيكەكاندا لەبەغداوە بۆ قاهيرە لە ئەنكاراو شام و تارانەوە تا واشنتن سەودايان پێدەكرێ ودەخرێنەمەزادەوە، تەماشاكە ژن ونيشتمان چەند چوون يەكن ولەيەك دەچن، ئيدى سەيرە تۆى شاعيرى ژنپەرست ئەو لێكچوونە بێ ئەندازەيە نەبينى.

ئەگەر بازرگانانى خوێن وكۆيلەكانى بەردەم كورسى ودۆلار، ئەوانەى بەسەرگەرمانييەكى كەسوكار ئەنفالكراودا دەنەڕێنن ولەبەردەم داگيركەرانى نيشتمانيشدا دێنە سەرچۆك لێبگەڕێن، باوەشى نيشتمانيش وەك باوەشى ژن گەرمە، وەك سينگى ژن ئارام بەخش وميهرەبانەو وەك مەمكى ژنيش سێوێكى بۆنخۆش وجوانە، ئەوە ئەوانن زەندەقيان لە سەربەخۆيى وئازادى ژن ونيشتماندا چووەو بەهێڵى سوورى دەزانن ومەحاڵە بيبەزێنن و داواشى بكەن چجاى ئەوەى لە پێناويشيدا قوربانى بدەن وئەو سەروەرييە گەورەيەيان پێ ببڕێت،ئاخر ئەوان نايەنەوێ ئاخوند وئەنفالچى لێيان زوير بن ،بۆيە ناخوازن نە ژن سەربەخۆ بێ نە نيشتيمان ، ئيدى بۆيە لە كن من بەپێچەوانەى تۆ ((شەهيد))بوون لە ڕێى نيشتماندا هەرگيز كەمترو نزمتر نييە لە((شەهيد))بوون لەپێناو ئازادى ژندا.

ئەى حاكمى نيشتمانى بێ قانوون: نيشتمانێك كەلەشەڕە كەسك وزەردوشين و سۆرومۆرەكاندا دادوەروحاكمەكانى پێش چەكدارەكان رەختەوتفەنگەكانيان دەبەستن و پێش چەكدارەكانيش گردو تەپۆلكەكان لەيەكدى دەگرن: كوان ئەو شەڕە زۆرانەى لە پێناو ((نيشتمان))دا كران ، كوا ئەو رووبارى خوێنەى لە پێناو نيشتماندا ڕژا ، مەگەر حيزب ونيشتمان، خێڵ ونيشتمان، بنەماڵەونيشتمان يەك شتن؟؟!

بەگۆڕى پڕ لەنوورى (حاجى)يە مەزنەكەى هاوشارت كە بەبێ ژنى و دوورلە نيشتمان ولەداخى بێ نيشتمانيدا جوانەمەرگ وگۆڕغەريب بوو ، تا ئێستا نيوە شەڕێكيشمان لە پێناو نيشتماندا نەكردووە ،دەنا ئێستا هەم ژنەكانمان ئازادبوون وهەم نيشتمان، ئاخرهەرنيشتمانێك ژنى تێدا ئازاد نەبێت، ژێردەست وكۆيلەيە..!

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com